# کێ بە ڕووی جیهانگیری ڕاوەستاوە؟

سەلام عەبدوڵلا

کوشتنی ئافرەتێکی کۆمونیست لە پادودا (ئیتالیا)

شانەکانی ئەنتی ئیمپریالیزم بەرپرسیاری خۆیان ڕاگەیاند لە

تەقاندنی دادگای ڤنیدیگ (شاری ڤینیسیا)

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە8/12ولە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستانلە 7/30دا ئەم وتارانە بلاْوکراونەتەوە:

1/ جیهانگیری و ئۆپۆزیتسیونێکی نوێباو. لەنووسینی مەلا بەختیار.

2/ ئایا ڕاپەڕینی شاری جێنوا سەرەتای سەردەمێکی تازەی خەباتی چینایەتییە؟!! لە نووسینی مەلا حەسەن.

بەخەتای دەزانم لەبارەی ئەم دوو ووتارە کە لە کوردستان بلاْوکراونەتەوە بێدەنگ بم، هەروا نوسینیش تەنها بۆ خوێندنەوە نیە، بەڵکو بۆ ڕاگۆڕین و قووڵکرنی ناوەڕۆکەکەیەتی. هەڵبەت لایەنگیری یا پەرچدانەوەی ووتارێك مەسەلەیەکی ترە.

لەبارەی یەکەم وتار:

أ/ مەلا بەختیار دەنووسێت: "لەدوای ئەوەی بزووتنەوەی کرێکارانی جیهان، لەژێر کاریگەری گۆڕانکاری ئابووری، سیاسی، پیشەسازی و ریفۆرمیستی، وەکو بزووتنەوەیەکی رادیکالْ پاشەکشەی کردووە، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی– سیاسی جێگەی نەگرتۆتەوە. خەباتی کرێکارانیش، لەسەر ڕێبازی سەندیکایی– ریفۆرمیستی سەقامگیربووە. خەریکە لە ڕۆژهەلاْتیشدا کرێکاران دەبەسترێنەوە بە خەباتی پیشەیی– سەندیکایی. (. . .) لەبری بزووتنەوەی کرێکاری–سۆسیالیست، بزووتنەوەیەکی نوێباو، سەری هەڵنەدا".

سەرەڕای ئەو پاشەکشێ کاتییە، کە هیچ بزووتنەوەیەك لە جیهان لێی بەدەر نەبووە– بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان–یشەوە، کۆمونیستەکان لەپاش ئەو ڕۆژە سەختانە ( (ئێستا بوو بە رابردوو!!) ) ، وەك پێشەنگی خەباتی چینایەتی، ئەنتی فاشیست، ئەنتی راسیست و ئەنتی ئیمپریالیست لە گۆڕەپانی خەباتدا، وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە سەنگەرەکانیان ماونەتەوە و مەحالە هێزێك بتوانێ شوێنیان بگرێتەوە، تا ناکۆکی چینایەتی لە نێوان کار و سەرمایە بالاْ دەست بێت. ئاخر نوی لە سەر چ بنەمایەك درووست دەکرێت؟؟ چ پرۆژەیەکی تر لە ئارادا هەیە؟؟!

نازانم بە قسەی کێ و لە چ سەرچاوەیەکەوە دەڵێت" خەباتی کرێکارانیش، لەسەر ڕێبازی سەندیکایی– ریفۆرمیستی سەقامگیربووە".

جارێ لەبەر چەند هۆیەکی سەرەکی، شوێنی خەبانی سەندیکایی تا رادەیەك لەقبووە و زیاتر بەرەو لەقبوون دەچێت:

– لەبەر ئەوەی سیاسەتی نیولیبراڵی جیهانی، زەمینەی لەباری مۆدێلی بەرهەمهێنانی فۆردیزم بۆ خەباتی سەندیکایی و ریفۆرم لە بواری کارکردن لەبەین دەبات، بۆیە بە دوژمنی سەرسەختی خەباتی سەندیکایی ناودەبرێت.

ئەندامێتی سەندیکاکان لە ئەمریکاو ئۆروپای ڕۆژئاوا تا دێت بەرەو کزی دەچێت.

کرێکاران و زۆربەی جەماوەری زەرەرلێکەوتووی جیهانگیری هۆشیاری ئەوەن کە سۆسیال دیموکراتەکانیش سەکە خوێرییەکی سەرمایەدارانن (ئەلمانیا، بریتانیا، بەلجیکا. .) . ئەمانن کە ڕۆژانە خیانەتیان لێدەکەن. لە بەرژەوەندی سەرمایەو پرۆژەکەیان، ڕۆژانە کرێکاران بە کۆمەڵ بەرەو جەهەنەمی بێکاری دەنێرن، پیشەسازی جەنگ و تفاقەکانی گەرمتر دەکەن، قسەی جوان دەکەن، بەلاْم بەکردەوە زۆر لایان نەداوە لە کۆنزەرڤاتیفەکان و لیبراڵەکان (بەراوردی هەڵویستەکانیان بکەن لەبارەی موقاوەمەتەکەی جێنوا یا سیاسەتی دیپۆرتکردن لە ئەلمانیا) .

لە ڕۆژانی پێش جێنوا بینیمان چۆن300هەزار کرێکاری ئیتالیایی لەبەر کەمبوونی کرێی کار خۆپیشاندانیان ڕێکخست، تەنها لە شاری تورین 30هەزار کرێکار خۆپیشاندانیان کرد، لە مایلەند 60هەزار کرێکار و هەر ئەو کرێکارانە و حزبە کۆمونیستەکان بوون لە 7/19لە جێنوا لەپێشی پێشەوەی خۆپیشاندەرەکان بەرەو پێشەوە دەرۆیشتن!! لە ڕۆژی پێش کۆبوونەوەکانیان، ڕۆژی خەباتی پەنابەران بوو لە دژی سیاسەتی کوشتن و دیپۆرتکردنی راسیستانەی 8دەوڵەتە"دیموکراتەکە". جگە لە هەڵگرانی ئالاْی سوور بەپلەی یەکەم، کێ بەدوایانەوە بوو؟. ئەوە حزبە کۆمونیستەکان بوون، لە براغ یەکەم ووتاریان خوێندەوەو بەگشتی نارەزایەتییەکانیان ڕێکدەخست

www.kurdistannet.org

شان بەشانی چەپە رادیکاڵەکان کە هەر ئاڵای سووری کۆمونیزمیان هەڵگرتووە هەروا ئەنارشیستەکانیش!! دەتوانن ناوی چین و بیروباوەڕێکی تر بهێنن لە دەرەوەی چینی کرێکاران و جووتیارە بەشمەینەتەکان بهێنن؟

کاك بەختیار دەنووسێت:"چەند ساڵێکە، لەبەرامبەر کاریگەرییە ئابوورییەکانی جیهانگیریدا، هەست دەکرێ بزووتنەوەیەکی کۆمەلاّیەتی – سیاسی نوێباو لە نەشونماکردندایە. ئەم بزووتنەوەیە، نە سرووشتی چینایەتی هەیە و نە مۆرکی فەلسەفەیەکی پێوەدیارە و نە پێشەنگیشی خەملیووە. بزووتنەوەیەکە، لە ئەمریکا و ئۆروپای رۆژئاوادا کەوتۆتە جموجۆڵ. زۆرتر بێکار و خوێندەوار و توێژێکی لانەواز و لاتەریکی گرتۆتەوە".

1/ ئەم بزووتنەوەیە جیهانییە و لەزۆربەی وەلاّتەکاندا چالاکی دەنوێنێت، بەلاّم لەبەر ئەوەی کۆبوونەوە جیهانییەکانی خاوەن شکۆکان زیاتر لە ئەمریکا و ئۆروپا رێکدەخرێت، بۆیە قورسایی هەواڵەکان هەر ئێرە دەگرێتەوە.

2/ ئەی ئەزانن بۆچی جووتیارە هەژارەکانی هیندۆ لە مەکسیك بەڕابەرایەت ساپاتیستەکان و کۆماندانت مارکۆس و بە پشتیوانی کۆمونیستەکان راپەڕین؟ ئەی لە هیندستان چی؟

وابزانم جەنابتان دەزانن کە بێکاران، یا باشتر بلێم بەزەبر بێکارکراوەکان، بەشێکی گرنگی چینی پرۆلیتاریا، یەدەکی هێزی کار، هاوڕێی کرێکارانی سەر کار پێکدەهێنن.

بەرای جەنابتان ئەمانە چینێك پێك ناهێنن؟ ئەی مانای و مەبەستی ناوی بزووتنەوەکە (بزووتنەوەی دژ سەرمایەداری) هیچ مەبەستێکی چینایەتی نابەخشێ؟؟ تا جەنابتان بنووسن" بزووتنەوەیەك" وەك بلێی لە غەیبەوە هاتبێت!!. . . "نە سروشتی چینایەتی هەیە". باشتر نیە پێمان بلێن چ سرووشتێکی هەیە؟

– هەموو کۆبوونەوەکان و خەبات لە دژی جیهانگیری و ئیمپریالیزم"فیتی" کۆمونیستەکانە. . . . لەناو کۆڕەکانیانەوە مۆرسی درێژەپێانی خەباتی چینایەتی و دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریای مارکس ( (هەندێ کەم ئاگا هەن، وا دەزانن" بەزمی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا لەلایەن لینینەوە دارێژراوە) ) بۆ کرێکاران و گەلانی ژێردەستە دەنێرن!! ئەمە تەنها بۆ ئاگاداری دەیلێم !!

– مەلا بەختیار دەنووسێت". . . گفتارو کرداری ناشایستە دەنووێنن".

"وایە"پیاو ئەوەندە وەك جەنابتان "مۆدێرنانە" بیر بکاتەوە و هەڵسوکەوت بکات، بەخۆی لە پرۆژەی موقاوەمەتی کۆمونیست و چەپ "خۆی کش مات" بکات، ئەوا ئاساییە ئەم قسە بێسەروشوێن و دواکەوتووانە بکات، ئەم گفتارو و کرداری ناشایستەیە بخاتە پاڵ ئەو کۆمونیست و چەپانە کە بەهوشیارییەوە خەباتی سەختی سەر شەقامەکانی جێنوایان دەکرد لە دژی سیاسەتی تیرۆریستانەی 8 دەولّەتە"دیموکراتە" وپۆلیسە دڕندەکانی ئیتالیا تا رادەی خۆبەختکردن!

ئەوەی راستی بێت، وێنەی ئۆروپا و دەسەلاّتدارەکانی کران بە پەڕۆ کۆنە لەبەرچاوی جیهان، بەزەقی وەحشیگەرێتی و پلانە چەوسێنەرەکانیان پێشاندرا و خەڵکی جیهانی زیاتر هۆشیارکردەوە.

تێناگەم بۆچی مەلا بەختیار دلّی دەسووتێت بۆ وێرانکردنی بانق و دادگاکان و بنکەی پۆلیس و بانزینخانەکانی جەنوا؟ ئەمانە چین لە ئاستی بۆردومانکردنی خەڵکی تسیڤیلی سەرب بە فڕۆکەکانی ناتۆ؟ لە ئاستی بێکارکردنی ملیونان مرۆڤ؟ لەئاستی وێرانکردنی لادێکان؟لە ئاستی هەچی زیاتر خۆ پڕ چەککردنیان؟ لەئاستی ئابلوقەدانی گەلانی عیراق نەك سەگە خوێڕێکەی بەغدا؟

– پێموابێت کاك بەختیار لەبەر هۆیەکی تر ئەو بۆچوونە گێرەشێوێنەی نووسیوە. دەبێ کاك بەختیار لەمەودوا لە کۆبوونەوەکانی، پاساوی ئەم پرسیارەی هەبێت: بۆچی لە لانکەی دیموکراتی، مافی مرۆڤ، مۆدێرن و ئازادی، سەدان هەزار گەنجی تازەپێگەیشتوو ناچار دەکرێن توندوتیژی بەکار بهێنن؟

– بەپێچەوانەی دوا بۆچوونەکانی کاك بەختیار لەم وتارە، پێشبینی ئەوە دەکرێت، خەباتی چەکدارانە و رادیکاڵ سەرلەنوێ پەرەبستێنێت و لە ناو جەرگەی ئۆروپای رۆژئاوا شوێنی خۆی زیاتر بکاتەوە. . . .

دەربارەی دووهەم ووتار:

– پێش هەموو شتێك ناکرێ ئاماژە نەکەم بۆ جەنگی میدیای سەرمایەداران و زاڵبوونیان لەم بوارە. سەرەنجی هاوڕێ مەلا حەسەن و هەموو کەسێکی پێشکەوتوخواز بۆ ئەوە رادەکێشم کە شیوعێکانی کوردستان و عیراق سوود لە ئینتەرنێت و میدیای ئەلّتەرنانیڤی شیوعی و چەپەکانی جیهان وەرناگرن. زۆر گرنگە بەزووترین کات چەند برادەرێك کە شارەزای یەکێك لە زمانە جیهانییەکانن تەرخان

بكەن بۆ خوێندنی دوا هەواڵ، ووتار و بۆچوونەكان. دەشتوانن خۆتان راستەوخۆ ببن بە ئەندام لەو رێكخراوانە. . . دەتوانن راستەوخۆ بیروڕای خۆتان لە گەڵدا ئاڵوگۆڕ بكەن، پێشنیارەكانتان بۆ بنێرن. . . زۆر شتی تریش. بێگومان ئەنجامدانی ئەم كارە میدیای حزب زۆر بۆ پێشەوە دەبات و دەتوانرێت دیكتاتۆرییەتی بی بی سی و دەنگی ئەمریكا و رۆژنامەی ئەلحیات و گۆڤاری (سەیدەتی) لەناو ببات! لە وتارەكەی جەنابتان كەمی ئاگاداربوونتان لە كۆبوونەوەكان، بڕیارەكان، گفتوگۆ و بۆچوونەكان و ئەو هێزانەی رووبەرووی جیهانگیری دەبنەوە لە دیدگای كۆمونیستی و چەپ، پێوەی دیارە.

– بۆچوونەكەت كە گوایە ئەم خەباتە"وەرزییە"، درووست نیە. بەبەردەوام بە ئامادەبوونی حزبە كۆمونیستەكانیش كۆبوونەوە و خۆ ئامادەكردن لە دژی رێكخراوە جیهانییەكانی سەرمایە لەسەر ئاستی جیهان رێكدەخرێت و رۆژانە درێژەی هەیە.

– موقاوەمەت تەنها لە شوێنی كۆبوونەوەكان ئەنجام نادرێت، بەڵكو لە سەر ئاستی وەلآتەكانیشدا ئەنجام دەدرێن. بۆ نموونە لەرۆژەكانی جێنوا، لە هامبۆرگ، بەرلین، زیورش، ئەتین. . . . هتد، خۆپیشاندان و هێرش لەسەر بنكەكانی سەرمایەداران دەكرا. لە 8/20خۆپیشاندان دەكرێت بۆ هاوپشتی لە گەڵ زیندانییەكانی گویتەبۆرگ و جێنوا. . . .

– بەگشتی خۆشحاڵم بە بۆچوونەكانت، ناوی ووتارەكە نەبێت، چونكە دەبێ بزانن كە لەم چەند ساڵەدا، لە چەندین وەلآت هەمان ئەم موقاوەمەتە هەبووە (داڤوس، سیاتل، براغ. . .) .

– پەنابردن بۆ خەباتی شۆرشگێرانە هەڵویستێكی ئاساییە لە دژی سەرمایەداران كە بەهەموو وزەكانیانەوە هەوڵدەدەن پرۆژەكانیان جێ بەجێ بكەن. كە سەرمایە بەرەو (تمركز) دەرِوات وەحشیتر دەبێت. پێناسەی فاشیزمتان وەبیر دەهێنمەوە (بە بۆچوونی كۆمێنتێرن) وەك بەراوردێك لە گەڵ هەولی كۆنزێرنە زلهێزەكان بۆ (تمركز) و كێبركێی نێوانیان و مەترسێكانیان لە دژی هەموو مرۆڤایەتی.

– دەبێ حزبە كۆمونیستەكان سەرلەنوێ كۆمینترن دابمەزرێننەوە. ئێستا زیاتر لە جاران زەمینەی لە بار و واقیعی لە ئارادایە بۆ بەجێهێنانی بانگەوازی: كرێكارانی جیهان یەكگرن. واتە ئەمرۆ دەبێ ناوەندی ئەركی كۆمونیستەكان ئەمە بێت: ئینتەرناسیونالیزمی كۆمونیستی لەبەرامبەر جیهانگیری سەرمایەداری!

كوشتنی ئافرەتێكی كۆمونیست و سەندیكایی لە پادوا (ئیتالیا)

دوو هەواڵی گرنگ: 1/ پاش تەواوبوونم لە نووسینی ئەم وتارە، چوومە ناو ئینتەرنێت و ئەم ئێمیلەم پێگەشت (ناوەرۆكەكەی – شاری پادوا– ماریا خوسێ ئۆلیڤاستری لە جینوادا دژی ئیمپریالیستەكان و لە پێناوی بەرهەڵستی لە كرێی كار خەباتی دەكرد، پشتگیری لە كرێكارە مانگرتووەكانی دەكرد و ئالآی (رفۆرداتسیونا كۆمونیستا) بەدەستەوە بوو. رۆحێكی بلێسەیی لەتەمەنی 42 ساڵیدا. . . . ماریایان كوشت و فرێ دراوەتە ناو زێرابێك لە نزیك شاری پۆدوا. . . . .

2/ رێكخراوی (شانە ئەنتی ئیمپریالیستەكان) بەناوی شانەی (كارلۆ یولسینی) بەرپرسیاری خۆیان راگەیاند لەبارەی تەقاندنی دادگای ڤنیدگ لە هەفتەی رابردوو. ئەم راگەیاندنە بە ئیمزای بریگادە رۆزا بلآوكراوەتەوە. (رۆژنامەی یونگە ڤێلت لە 8/13) . ئەم هەواڵە لەرادە بەدەر خۆشحاڵی كردم، چونكە تەنها نزیكەی 7سەعات رۆیشتووە لەسەر ئەم بۆچوونەم)

2001/8/12

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەكەیەت، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.